موجتەبا خامنەیی لەبارەی کوژرانی لاریجانی: رشتنی ئەم خوێنانە رژێمی ئێران بەهێزتر دەکات

موجتەبا خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارەی کوژرانی عەلی لاریجانی، سکرتێژی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە رایدەگەیەنێت، رشتنی ئەم خوێنانە، رژێمی ئێران بەهێزتر دەکات. دەشێت، بکوژران دەبێت باجی ئەم خوێن ڕشتنانە بدەن.

موجتەبا خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، لە هەژماری خۆی لە تێلی کۆمەڵایەتی ئێکس پەیامێکی بەبۆنەی کوژرانی عەلی لاریجانی، سکرتێژی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە بڵاوکردەوە.

موجتەبا خامنەیی وتوشیەتی، دوژمنانی ئیسلامی ئەبێت ئەوە بزانن کە رشتنی ئەم خوێنانە، رژێمی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر دەکات.

جەختیشی کردەتەوە کە "بکوژانی تاوانکار" دەبێت بەزویی باجی ئەم خوێن ڕشتنانە بدەن.